# وانەیەك سەبارەت بە دیموكراسی و مافەكانی مناڵان لە كەركوك لە لایەن "شێرزاد فاتح"ەوە.



لە چوارچێوەی پرۆژەی"دیموكراسی، مافەكانی مناڵان و پەروەردەو فێركردن " دا كە سەنتەری بەرگری لە مافەكانی مناڵان لە كەركوك و بەهاوكاری ئۆلۆف پالمە سەنتەری سویدی بەرێوەی دەبات بۆ ماوەی یەك ساڵ و پرۆژەكە لە سەرەتای ساڵی 2007 ەوە دەستی پێكردووە. شێرزاد فاتح بەرپرسی پرۆژەكەو بەرسی سەنتەری بەرگری لە مافەكانی مناڵان لە دەرەوەی وولات، لە سەردانێكی دا بۆ لێكۆڵینەوەو ئەنجامگیری لە چۆنێتی بەرێوەچوونی پرۆژەكە بە یاوەری هەیسەم عەلی بەرپرسی نووسینگەی كەركوكی سەنتەری مناڵان، سەردانی خوێندنگەی پیریادی كرد لە كەركوك و لە لایەن مامۆستا هێرۆ بەرێوەبەری قوتابخانەكەو دووان لە جێگرەكانی پێشوازی كران، پاش كۆبوونەوەیەكی كورت و هەندێ قسەو باس سەبارەت بە پرۆژەكە، شێرزاد فاتح هەستا بە ووتنەوەی محازەرەیەك سەبارەت بە دیموكراسی و مافەكانی مناڵان لە خوێندگەی ناوبراو، بۆ نزیك بە پەنجا خوێندكار، تەمەنی خوێندكارەكان لە نێوان 14–16 ساڵان دایەو لە پۆلی دوو و سێی ناوەندی دەخوێنن.




شایانی باسە ئەم كۆمەڵە خوێندكارە ئەوانەن كە لەسەرەتای ساڵی 2007 ەوە لەم پرۆژەیەدا سودمەند بوونە، ئامانجی ئێمە وەك و سەنتەری بەرگری لەمافەكانی مناڵان لەم پرۆژەیەدا ئەوەیە كە: ئێمە پێمان وایە هەموو گۆڕانكارییەكان لە مناڵان و لاوانەوە دەست پێدەكات، كاریگەی دانان لەسەر مناڵان و لاوان سەبارەت بە دیموكراسی، مافەكانی مناڵان و پەروەدەو فێركردن...هتد. كاریگەری دانانە لەسەر ئەو جەمعە لە خەڵك كە دەتوانێ ببێتە یەكێ لە هۆكارەكان لە كۆمەڵگادا كە ئەشێ گۆڕانكاری و بەرەوەپێشچوون لەسەر دەستی ئەوان

بەدی بێ بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا بەرەو دیموکراسی و چەسپاندنی مافەکانی منداڵان، لە پێناوی دوورکەوتنەوە لە توندووتیژی و هەڵاواردن، وە لە پێناوی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاکەمان و بەهەرەمەند بوونی منداڵان ولاوان لە مافە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانیان.

سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵان
27 دیسمبری 2007
کەرکوك
www.santarimnalan.com



